# جەوهەری هونەر لە هونەرمەند (کاروان عوسمان)دا

ئەگەر نەتوانین لەم سرودە(بێنە پێشچاو) تێبگەین، هەرگیز لە ماناو نهێنی خنکاندنی(کاروان عوسمان) ناگەین. ئەگەر چرکەبەچرکەی ژیانمان لە خولیاو گینگڵی ئازادی و بەرابەریدا نەبێت، دیسان سەختە تێبگەین(کاروان)چی سرودێکی بۆ مرۆڤ، بەشمەینەتان چریکاندووە.

بێنە پێشچاو، کە هەموومان
لە ئاشتیدا بژین
گشتی یەکسەر
ڕەنگە بڵێی خەیاڵات ئەکەم
بەڵام هەر من نیم کەوا ئەڵێم...
بە هیوام تۆش ڕۆژانێ بێ
تۆش ڕۆژانێ بێیتە کۆڕمان
دونیاش گەش..
دونیاش یەکسان.
بێنە پێشچاو موڵک نەبێ
سەد بریا تۆش ئەتسەلماند
پۆشتەو خاوێن گشت بێینەدەر
بەشەر هەموو برا بووان...
بێنە پێشچاو ڕۆژانێ بێ
هەموان هەموو شتیان ببێ
ئاسانە گەر تێفکری
هیچی موڵکی هیچکەس نەبێ.
بێنە پێشچاو، کە هەموومان
هەر بۆ ئەمڕۆ بژین
گشتی یەکسەر، سنورەکان هەر
نەمێنن
کوشتار نەبێ..بڕین نەبێ
بیرکەرەوە ..ئایین نەبێ
جەهەنم و بەهەشت نەبێ
سەرسەریشمان هەتا بڕوێ
غەیری ئاسمان چیتر نەبێ.

کاتێک مرۆڤ گوێی لەم گۆرانییە مەزنەی (کاروان عوسمان) دەبێت، ئیتر ساویلکانەترین و کۆمیدیترین شت ئەوەیە قەلەق و فریوی پیاوکوژبوونی کاروان عوسمان بێت و بخۆیت. سەیرە مرۆڤێک ڕۆژێک لە ڕۆژان لە ژێردەسەڵاتی ڕەشی بەعسیەکاندا ژیابێت، گومان بکات دەست و پەنجەکانی ئەم هونەرە نەخشەی کوشتنی مرۆڤێکی نوسیبێتەوە!یاخود مرۆڤێک خاوەنی ئەو هونەرەبەرزو مرۆڤایەتییە بێت، پێمانوابێت (کاروان) لە دەرەوەی هونەرەکەی لە خاچدراوە! گومان بکەین لە پشتی هاوارەکانی ئەم سرودەوە:

بێنەپێشچاو مرۆڤ هەموو لە
ئاستیدا بژین...
بێنە پێشچاو موڵک نەبێ...

بێنەپێشچاو ڕۆژانێ بێ
هەموان هەموو شتیان ببێ...
بێنەپێشچاو...
ئایین نەبێ
جەهەنم و بەهەشت نەبێ

کارەکتەرێکی برسی و ویژدانمردوو خۆی شاردبێتەوە و بازاڕ بیرو ویژدانی لەوتاندبێت! کاروان لەم سرودەدا دەڵێت:ببینن ئەگەر هەموومان لە ئاشتیدا بژین ئەوا هەموومان دەبینە برای مرۆڤی یەکتر، برایەتیش هەرگیز نایەتەدی ئەگەر هەموو ئاسەوارەکانی پیسی موڵکایەتی لە نێونەچن. کاروان بە دەنگێکی پڕسۆز، بە خەمێکی قووڵی مرۆیی کە گەرووی ئازار دەدات دەبێژێت:بێنە پێشچاو هەموان هەموو شتێکیان هەبێت، بەڵام شتگەلێک کە کاروان خوازیارە نەیانبێت، موڵکو ئایین و بەهەشت و دۆزەخە.

کاروان هاواری نەمانی دۆزەخ دەکات، لە کوێشدا ئەم هاوارە دەکات، لە دنیایەکداو لە سەرزەمینێکی دۆزەخیدا کە بەعسیە مرۆڤخۆرەکان جۆشیانداوە. دەشێت سەرەتاوهۆکاری گرتنی کاروان ئەوە بێت کە لەوانەیە ئەویش دەستی لە کوشتنەکەدا هەبێت، ئەم گومانە (کاروان) دەکێشێتە پای دادگەیەکی ڕەش و کوێر، گومانکردن بەسبوو بۆ ئەوەی بەعسیەکان نەک برادەری تۆمەتبارێک ڕاکێشی دادگەڕەشەکانیان بکەن، بەڵکو ئەوان هەڵەبجەیەکیان لەوەها تۆمەتێکدا خنکان، (دوجەیل)لێکیان بە داروبەردو هەموو بوونەوەرەکانێوە تەختی زەمین کرد. ئەی ئەنفال چی؟ مەگەر بە دیوێکیترداو بە خوێندنەوەیەکیتر بە تۆمەتێک ڕەشەکوژی نەکران؟ بەڵام بەعسیەکان لە(کاروان)دا شتێکی ترسناکتر کەشفدەکەن، ئەویش دوای پشکنینیماڵەکەیان و دۆزینەوەی چەند کاسێتێکی گۆرانی(هەڵبەتە بە پێی چاوپێکەوتن و گوتەکانی کامەران عوسمانی برای کاروان کە ماڵپەڕی دەنگەکان لەگەیدا سازیداوە. لە دوای ئەو کەشفکردنە، (کاروان) ئیتر چەقۆکێش و تۆمەتبارێک نییە کە دەشێت لەوەها کارێکەوە گلابێت، بەڵکو ئیترهونەرمەندێکی شۆڕشگێڕە قوڵ بەکێشەکانی مرۆڤ و کۆیلەکاندا شۆڕبۆتەوە، خەم و ژان و هیواکانی زەحمەتکێشان لە گەرووی گیتارەکەیەوە دەجریکێنێت، ڕوون وزوڵاڵ وەک ئاو، بانگەوازی بەرابەری دەکات، سرود بۆ هەڵەبجە دەڵێت کە بەعسیەکان بە نەخشەوە لە نێو ژەهردا خنکاندنیان. (کاروان) بانگەوازی نەمانی سنورەکان دەکات، بەڵام لە سەرزەمینێکی بە مینرێژکراودا، نەفرەت لە شەڕ دەکات، بەڵام لە نێو جوگرافیایەکی شەڕانگێزو بە شەڕتەنراودا. ئیتر لێرەوە حەقیقەتی خنکاندنی(کاروان) دەست پێدەکات و دەبێت هەر لێرەشەوە پەی بە حەقیقەتی خنکاندنی بەرین. سەیرە مرۆڤێک سرودی(بێنە پێشچاو بەهەشت ودۆزەخ نەبێت) لە نێو (بەهەشت و دۆزەخی)بەعسدا، بێژێت، کەسانێک هەبن و بکەونە تەڵەی ئەو گومانەوە کە کاروان بە هۆی تاوانی کوشتنەوە لە سێدارە دراوە. ئەم گۆرانییە لە سایەی بەعسدا هەزارجار کاروان مەحکوم بەمەرگ دەکات، بەعسیەکان هەزارساڵ بە دوای وەهاکەسێکدا دەگەڕێن وەها هونەرێک پێشکەش بە ژیان بکات، شارێکیتر ژەهرباران دەکەن ئەگەر لە کوچەو کۆڵانە بەشمەینەت نشینەکانێوە وەها هونەرو زایەڵەیەک ببیسترێت. بە باوەڕم ئیتر دەبێت دەستبەرداری بەڵگە هێنانەوەو سەلماندنی پیاونەکوژبوونی بین. ئەگەرچی(کاروان)بەو تۆمەتە ڕاپێچی زیندانکراوەو دواجار ژیانی لێسەندراوەتەوە، چوونکە خۆسەر قاڵکردن بەوکارەوە لەدەرەوەی (کاروان)و هونەرەکەی، دابەزینە بۆ ئاستێکی نزم و کۆمیدی، خولانەوەیە لە نێو بازنەی ڕاقە باوو سواو و داخراوەکاندا. بۆ هەموو ئەوانەی لە هونەری ناکۆتا بەرزو مرۆڤایەتی (کاروان)دەگەن و لە خەم و ئێشەکانی مرۆڤایەتیدا دەژین و گینگڵدەدەن، دەبێت بۆ هەتایە، (کاروان)و هونەرەکەی بەرز ڕابگرن.(کاروان هونەرو مرۆڤی کرێکاران و بە کۆیلەکراوەکان و بەرابەری خوزانە، دەبێت هەر ئەوانیش(کاروان)و هونەرەکەی لە نێودەستە زبروماندوەکانیاندا بەرزڕابگرن.لە هەندێک نوسین و هەروەها لە چاوپێکەوتنەکەی (کامەران عوسمان)یشدا ئەوە دەبینین و گوێبیست دەبین کە، تاکو ئێستا هیچ بۆ (کاروان) نەکراوە، مەبەستیان لە دەسەڵات و هونەری کوردییە کە ئاوڕێکیان لە (کاروان) نەداوەتەوە! کاروان، هونەری ئێمەیە..هونەرمەندی کرێکاران و بەرابەریخوازن، هونەری بۆ سۆسیالیزم. هونەر وهونەرمەندی پارتەکانی خێڵ نییە، تاکو ئێمە گلەییو ڕەخنەمان لێیان هەبێت. ئەوەی کە ڕێکخراوی (هونەریی) پارتێک دەڵێت:(کاروان)چی بۆ هونەری کوردی کردووە شتێکی سەیر نییە! چوونکە لای ئەو ڕێکخراوە هونەرییە بێهونەرانە، هیچکردن بۆ هونەری کوردی واتە دووزەڵەو زوڕناڵێدان بۆ دەسەڵات و بازاڕ، یانی تەپڵلێدان بە دەستێک و پانکردنەوەی ئەویتریشیان بۆ پارەوپول ئەم گوزارشە: (کاروان)چیکردووە بۆ هونەری کوردی بێماناترین و ناشیرینترین وەڵامێکە کە سفرەی ڕێکخراوێکی بێهونەر بە هونەری بداتەوە. تەنها گۆرانی(بێنە پێشچاو) بەسە بۆ ئەوەی بزانین هونەر چییە، تێبگەین هونەر دەتوانێت چەند قوڵ بە نێو ژان و واقیع و هاوارەکانی مرۆڤدا ڕۆبچێت، چەند کاریگەر دەتوانێت ئاوێزانی دنیای واقیعی و خەون و هیواکانی مرۆڤ بێت. هونەرمەندبوون هێندە بابەتێکی چۆنییە هێند چەندیی نییە. (کاروان) بێجگەی گۆرانی(بێنە پێشچاو) ئەگەر یەک سرودو گۆرانیتری نەگوتبایە، هێندەی سەرەدەرزییەک لەبایەخی هونەرمەندبوونی کەم نەدەبووەوە. (بێنە پێشچاو) کۆتاییە بۆ ئەوەی لە جەوهەری هونەرو هونەرمەندبوون تێبگەین. سرودی (ئینتەرناسیۆناڵ)ی (ئۆژین پۆتیە) بەسە تا وەک شاعیرێکی نەمرو تاهەیایی، زایەڵەو نرکەی (هەستن ئەی هۆزی بەشمەینەتان) بە نەمریی لە ویژدان و کاسەی سەری ملیۆنان کرێکارو مرۆڤی بەرابەریخوازدا بزرنگێتەوەو بمێنێتەوە. بە باوەڕم نەک ئەوەی (کاروان) هیچی بۆ هونەری کوردی نەکردووە، بەڵکو لە هەموو مێژووی هونەری کوردیدا_هەڵبەتە ئەگەر شتێک هەبێت ناوی مێژووی هونەرو هونەر بێت_هونەرو هونەرمەندێکی وەک (کاروان عوسمان)ی تێدا نییە. بێگومانم ئەمە زێدەبێژی نییە من دەیکەم، مرۆڤ ئەگەر نەیتوانی لە سۆزو زریکەی (بێنە پێشچاو..موڵک نەبێت) تێبگات، هەرگیز لە (هونەروکاروان) ناگات. چوونکە (کاروان) دەبێژێت (جەهەنم و بەهەشت) نەبێت، بەڵام ڕێکخراوی(هونەرمەندانیخێڵ)لە سایەی دەواری سوڵتانەکانی خێڵدا، سەرقاڵی زوڕناڵێدان و پەیکەر تاشینی قارەمانانی ژنکوژو چنین و ڕستنی نەقش و نیگاری مافورەکانن بۆ بازاڕ! لە پەنا دەست کۆنەپەرستترین دەسەڵاتی خێڵەکی و(جەهەنمی و بەهەشتیدا)قەراریان گرتووە. ئیتر لەوە بێماناو نابیناییتر نییە گلەیی و چاوەڕوانی لەکۆرسی هونەری خێڵان بکەین، پەیکەرێکی هونەریی بۆ (کاروان)دروست بکەن، کە کاروان لە نێوان هەزاران مرۆڤی دەست و پەنجە زبروماندودا، بە خۆی و گیتارە پرسۆزو سەداکەیەوە سەربەرز ڕاوەستابێت و سرودی (بێنە پێشچاو موڵک نەبێت) بێژێت. کاروان سەر بە دنیای ئێمەیە، ئەوانەی تینوی ئازادی و بەرابەرین. بۆیە دەبێت هەرگیز ڕێگە نەدەین دەست و پەنجەو فلچەکانی هونەری بازاڕ ڕۆخساری گەش و هونەریی (کاروان عوسمان) بشێوێنن و پیسی بکەن. چوونکە ڕێکخراوە بێهونەرەکان ئێسکوپروسکی مردووەکانیش دەکڕن و لە بازاڕدا دەیفرشنەوە. دەبێت بڵێین (کاروان) شانسی هەبووە کە تاکو ئێستا دەستی چەپەڵ و سەوداگەری پیاوەکانی بازاڕی پێنەگەیشتووە. (کاروان) لە دوای گۆرانی (بێنە پێشچاو موڵک نەبێت) خۆی لە پەیوەندییە کاڵایی و بازارییەکان ڕزگار کردووە. کاروان لەوێوە ئیتر مرۆڤێکی گەردونییەو گۆرانی بۆ دنیایەکی بەرابەرو ئازاد دەچڕێت، دنیایەک کە سنورەکان نەمێنن و مرۆڤەکان تەنها بۆ ئەمرۆیان بژین. بۆیە دەبێت مرۆڤە هاوئومێدەکانی (کاروان) یادی بکەنەوەو پەیکەری خۆی و گیتارە پرسۆزو هاوارەکەی دروست بکەن. بۆرژواکان حەقیانە بێژن (کاروان) هیچی بۆ هونەری ئەوان نەکردووە،نەک هەر ئەوەش بەڵکو(کاروان) خوازیارە جەهەنم و بەهەشتەکەیان هەر نەبێت.ئەوان دەزانن کاروان چی سرودێکی ترسناکی بانگەواز کردووە،بۆیە هیچ سەیر نییە(کاروان)و گیتارە پڕ قیژەکەی بە خامۆشی و لە بیرکردن بسپێرن.بەڵام لایەنێکیتری خامۆشبوونی(کاروان)و ئامادەنەبوونی لە نێو ئەدەبیاتی ئاپۆرەی بەشمەینەتاندا،پەیوەندی بە جۆشنەخواردنی هێشتای ئەم ئاپۆرەیەوە هەیە،هەروەها بەشێکیتری نائامادەیی و نازیندویتی(کاروان) لە نێو ئەدەبیاتی کرێکاریی و سۆسیالیستیدا،دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی ئەم بزوتنەوەیەو لاوازی و بەرچاو تەنگی ئەدەب و هونەرێکی کرێکاریی و سۆسیالیستی.لێرەدا دەتوانم ئەوە بڵێم کە(کاروان) سەرەتای چەکەرەی ڕێچکەیەکی هونەریی بەرابەریخواز بوو،ڕێچکەی هونەریی(بێنە پێشچاو)دەروازەیەکە(کاروان) دەتوانێت لێیەوە پەلبهاوێ و ئاسۆی هونەربینی خۆی ببینێ و فراوان بکات.هونەر لە سرودی(بێنە پێشچاو)دا بە تەواوی مانا لە خەسڵەت و جەوهەری خۆی نزیکبۆتەوەو ئاوێزانی ژیان و خەون و ئومێدە مرۆییەکان بووە.بە جیا لەو تێڕوانین و بۆچوونە بێماناو پوچگەرییە کە پێی وایە، دەبێت هونەر لە دەرەوەی واقیع و خەون و خولیا مادی و مەعنەوییەکانی مرۆڤ و ئایدۆلۆژیاوە بێت،لەم گۆرانییەدا کە دەکرێت بڵێین گۆرانییەکی تەواو ئایدۆلۆژییە،هونەر لەوپەڕی جوانیناسیدا بەرجەستەیەو خۆی نمایش دەکات



**کازم قادر**

**ماویەتی**

# لاوان لەرۆژهەڵاتی کوردستاندا



بێکاری و ئاستەنگییەکانی لە سەر ڕێگای ژیانی لاواندا یەکێک لەو دیاردە سەرەکییانەیە کە زەقەو کۆسپێکی گەورەو دژوار لە سەر ڕێگای بەرەو پێشچونی ژیانی لاوان بە تایبەتی و کۆمەڵگایش بە گشتیدا دروست دەکات، چوونە سەرەوەی ڕێژەی دانیشتوانی کۆمەڵگا، نەبوون یان لاواز بوونی ئابووری، نەبوون یان کەم بوونی ناوەندە خزمەت گوزاری وبەرهەم هێنەرەکان، نەبوون یان کەمبوونی سیستەم وناوەندی بارهێنان لە بوارەکانی زانستی وپیشەیی، لە کۆمەڵگا ڕێگا خۆشکەرە بۆ چوونە سەرەوەی ڕێژەی بێکاران، دیارە لە ناو دانیشتوانی کۆمەڵگای ئێمەدا زۆرترین هێزی کار لە لاوان پێک دێت بەو مانا هەم ڕێژەیان زۆرەو هەم هێزی کاریان زیاترە، لەبەر ئەو هۆکارانە خاوەن کار و ناوەندە کرێکاری وخزمەت گوزاری و بەرهەم هێنەرەکان وتەنانەت ئیدارەکانیش لە توێژی لاو زۆرتر کەڵک وەر دەگرن چوونکە هەم هێزی کاریان زۆرەو هەم تەمەنی خزمەت بەو ناوەندەی کە لاوی تێدا دادەمەزرێت زۆرترە.

لە لایەکی تریشەوە لاو زیاتر لەهەمو توێژێک پێویستی بە کارو دابین کردنی داهاتی هەیە، چونکە حەزی زۆرەو ئاوات وخولیای جۆراو جۆر لە مێشکیدایە، کەواتە بێکاری زۆرترین زەرەر بە توێژی نیازمەند دەگەیەنێت، لەبەر ئەوەی لاوی نیازمەندی بێکار ناتوانێت داهاتەکەی خۆی دابین بکات ونەتەنیا بە ئاواتە ساکارەکانیشی ناگات بەڵکو ژیانی ئاسایی خۆیشی بۆ دابین نابێت. لەم حاڵەتەدایە بە هۆی بێکارییەوە لاوێکی کەم داهات دروست دەبێت کە لەمەڕ گەلاڵەکانی ژیان وحەز وئاواتەکانی ناکام دەمێنێتەوە، کاتی لاوێتی کاتێکی گرینگ و ناسکەو لاو بە هۆی کەم ئەزموون بوون و ناخاراو بوونی لە کورەی ژیاندا، بەهۆی ناهومێد و هیوا بڕاو بونیەوە ڕەنگە لە ڕەوتی ژیان بچێتە دەرو و توشی هەندێک گرفتی ناحەز ببێت.

دەوڵەت دەستی بە سەر دەسەڵات و سەروت و سامانی وڵاتتدا گرتوە خەریکە لە سەر دەریای نەوت و مس وتەڵاو کەشاوەرزی و پیشە و کانگاو سەرچاوەکانی داهاتی زۆری ئابووری درێژە بە دەسەڵاتی خۆی دەدات. کۆماری ئیسلامی بە ئەنقەست ڕێژەی بێکاری بەرز ڕادەگرێت وهەنگاو بۆ کەم کردنەوە و هێنانە خوارەوەی بێکاری هەڵناگرێت، لە بەر ئەوەی خەڵکی بێکار موحتاج ترن وزۆر زووتر دەتوانێت لە ناو خەڵکی موحتاجدا خواستە کانی خۆی دابرێژێت. خەڵک و بەتایبەتی لاوان بە برسی وبێکار هێشتنەوە، لەو لاکەیش دابەش کردنی سەروەت وسامان بە سەر دام ودەزگاکانی سەر بە ویلایەتی فەقی کە ئەم ناوەندانەیش کاریان سەر کوت کردنی کۆمەڵگاو پەرە پێدانی دواکەوتویین، سەر لە عەرشی ئەعلا دەدات.

لاوی بێکار مەجال ودەرفەتی گەشەو بووژانەوەی نییە، نەتەنیا ناتوانێت بە حەز وئاواتە کانی بگات بەڵکو زۆر جاریش مەجالی بیر کردنەوەی لە خۆزگەکانی نامێنێتەوە، چونکە هەمو هێزو وزەی خۆی دەخاتە کار بۆ ئەوەی بتوانێت کارێک بدۆزێتەوە بەڵکو لە ڕێگای داهاتی کارەکەیەوە بتوانێت لانیکەمی ژیانی خۆی دابین بکات، لاوی بێکار بە هۆی بێکارییەوە لە قەیرانێکدا دەژی کە توشی زۆر نەخۆشی مێشک وخەمۆکی دەبێت، هەر وەک ئێستە خەمۆکی ڕێژەیەکی زۆر بەرچاو لە کۆمەڵگای ئێران وکوردستاندا پێک دێنێت، بە چنگە کوڕکێ ژیان کردن و زۆر جار نەتوانین لە روی حەز ومەیلی خۆیانەوە ژیانیان دابین بکەن، ئەمریکی سەلمێندراوە بۆ لاوانی کۆمەڵگای ئێمە، تەنانەت زۆر جاریش ناتوانن ژیانی هاوسەرێتی لە روی حەز و خواستی خۆیانەوە دابین بکەن بەڵکو ژیانی هاوبەش بۆ لاوانی ئێمە بە هۆی بێکاری وکەم دەسەڵاتی ماڵییەوە، لەرووی توانایییەکانی گیرفان وهێزی ماڵییەوەیە نەک لەرووی خواستی دەروونی و ئەویین وخۆشەویستییەوە، ئەم شێوازە لە ئاکام دا زۆر جار کارەساتی دڵتەزێنی لێ دەکەوێتەوە، وەک تەڵاق، خۆ کوژی، لەش فرۆشی زۆر دیاردەی تر.

دەسەڵاتی زاڵ بە سەر ئێران دا لاوێکی دەوێت کە بیر لە گۆڕانی دەسەڵات وپێشکەوتویی وئازادی ویەکسانی ودیموکراسی نەکاتەوە، بۆ ئەوەی دەوڵەت بەو خواستە بگات ڕێگا گەلی جۆراو جۆری گرتوە تە بەر، هەندێک جار گرتن وئەشکەنجەو ئێعدام، دەرکردن لە سەر کار، دەر کردن لە خوێندنگا، دور خستنەوە لە شوێنی ژیان وکار وخوێندن، بێ سەر وشوێن کردن، دەرکردن لە ناوەندە وەرزشییەکان، دەرکردن لە ناوەندە فەرهەنگی و ئەدەبییە کان، کپکردنی دەنگی دەنگدارەکان وشکاندنی قەڵەمی نووسەران، هەروەها بۆ بەشێکی زۆریش لە لاوان، بێکاری، نەخۆشیە فەوتێنەرە جۆراو جۆرەکان، مادە سڕ کەرەکان، لەشفرۆشی و زۆر دیاردەی تری لە کۆمەڵگادا کردۆتە باو کە لاو بە یەکێک لەو دیاردانە گرفتار ببێت بۆ ئەوەی مەجالی دەست تێوەردان لە سیستەمی دەوڵەتی نەمێنێت ولاو ملکەچ ولارە ملی بەر دەرکی دەسەڵات بێت.

لە کوردستان بە دەیان هەزار مامۆستای قوتابخانە، موهەندس و دوکتۆر ونووسەر وئەدیب و کارناس بێکارن، ئەم ڕێژە جیاوازە لەو لاوانەی کە بە هۆی دەست تەنگییەوە بێبەش بون لە خوێندن یان خوێندەوارییان کەمە، هەمو ساڵێک بە هەزاران لاو خوێندنی باڵا تەواو دەکەن، ئەم لاوانە پاش ساڵیانێکی زۆر لە تەمەنیان کە سەر قاڵی خوێندن بون ئەو کات ڕوولە بازاری بێکاری دەکەن و تەمەنێکی تر لە ژیانیان بە دوای کاردا وەیلان دەبن، بەڵێ بێکاری هۆکارێکی گرینگە بۆ بەر بەست کردنی لاوان، کە ئەم هۆکارە زۆر دیاردەی دزێویش لەگەڵ خۆی دێنێتە ناو کۆمەڵگاو زۆر جارانیش زۆر کارەساتی لێ دەکەوێتەوە.

### تووش بوون بە مادە سڕکەرەکان

مادە سڕکەرەکان دیاردەیەکی دیکەیە، ئەمرۆ بوەتە گرفتێکی هەرە گرینگ کە نەتەنیا لاو بەرەو خەمۆکی دەبات وژیانی توشی تەنگ وچەڵەمە دەکات بەڵکو بەرەو نەمان و فەوتانی یەکجاری دەبات، پەرەسەندنی ئەم دیاردەیە بە داخەوە رۆژ بە رۆژ لە زیادبوون دایە. ئەگەر جاران لە هەموو کوردستاندا ژمارەی گیرۆدەبوان لە ژمارەکانی پەنجەکانی بنیامێک تێنەدەپەڕی، ئێستا ڕێژەکەی زۆر بەرزبۆتەوە. جگە لە شارو ناوەندە گەورەکان بەڵکو بەرەو دێهاتەکانیش هێرشی بردوە، شێوێنێک لەم کوردستانەدا نیە کە لاوان بە زۆری گیرۆدە بەو مادانە نە بووبێتن یان لە مەترسی گیرۆدە بووندا نەبن.

بە پێی ئامارە فەرمییەکانی دەوڵەت رۆژانە دەیان کەس لە شارە جۆراو جۆرەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دا بە هۆی ئەو مادەیەوە گیان وژیانیان لە دەست دەدەن.

**ئیبراهیم کۆنە پۆشی**

This document was created with Win2PDF available at http://www.win2pdf.com.
The unregistered version of Win2PDF is for evaluation or non-commercial use only.
This page will not be added after purchasing Win2PDF.